# ئاوڕێکی ڕەخنەگرانە لە توێژینەوە ئێرانییەکانی پێوەندیدار بە زمان

**قادر فاتیح ئەحمەد[١]، عمر محمود کریم[٢]، جعفر شیخ الاسلامی[٣]**

[١،٢] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٣] سکوڵی زمانەوانی و خوێندنی زمان، زانکۆی کارلێتۆن، ئۆتاوۆ، کەنەدا

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "ئاوڕێکی ڕەخنەگرانە لە توێژینەوە ئێرانییەکانی پێوەندیدار بە زمان"، تیایدا، توێژینەوە زمانییەکانی پێوەندیدار بە زمان لە ئێران، بە تایبەتی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، خراونەتە ژێر تیشکی ڕەخنە. توێژینەوە ئەکادیمییەکانی پێوەندیدار بە زمان لە ئێران لەچەند دەیەی ڕابردودا، بەتایبەتی ئەو توێژینەوانەی پێوەندییان بە سیاسەت و پلانی زمانی، جێگە و پێگەی زمانی فارسی و زمانە نافارسییەکانی ئێران، پەروەردە و چەند زمانی، هەروەها پێوەندیی نێوان زمان و ناسنامەی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، سەر لە سەدان دەدەن. ئایدۆلۆژیا و ڕوانگەی زاڵ بەسەر زۆربەی ئەو توێژینەوانەدا، بریتییە لە یەکزمانی یان "یەک وڵات، یەک نەتەوە و یەک زمان"، ئەویش لە کۆمەڵ و وڵاتێکی فرەنەتەوە، فرەناسنامە و فرەزمانی وەک ئێراندا. توێژینەوەکە هەر لەوکاتەدا کە لە ئاوڕدانەوەی ڕەخنەگرانە لە ئایدۆلۆژیا و گوتاری زاڵ بەسەر توێژینەوە زمانییەکانی نێوخۆی وڵات لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەدەر نییە، ئامانجە سەرەکییەکەی خستنەڕوی وێنایەکی گشتی لە توێژینەوە زمانییەکان بەتایبەتی لە بوارەکانی پێگەی زمانی فارسی و زمانە نارەسمییەکانی ئێران لەپەروەردەدا و پێوەندیی ئەو زمانانە بە ناسنامەی نەتەوایەتی و ئەتنیکی، بە یارمەتیی نمونەهێنانەوە لە ناوەرۆکی هەڵبژاردەیەک لەو توێژینەوانەیە. توێژینەوەکە وێڕای خستنەڕوی دیمەنێکی گشتی لە جۆر و چەندێتیی توێژینەوە زمانییەکانی ئێران، بە سودوەرگرتن لە میتۆدی وەسفی و لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و باوەڕمەند بە پلۆڕالیزمی زمانی و ڕێزگرتن لە مافە نەتەوەیی و مافە زمانییەکان، ڕوبەڕوی ئایدۆلۆژیا و گوتاری زاڵ بەسەر ئەو توێژینەوانەدا بووەتەوە.

**وشەی سەرەکی:** توێژینەوەی زمانی، سیاسەتی زمانی، تاکزمانی، فرەزمانی، پلۆڕالیزمی زمانی.

## پێشەکی

لەم چەند دەیەی دواییدا، توێژینەوە زمانییەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتی زمان، جۆراوجۆریی زمان و جێگە و پێگەی لە پەروەردەدا، لەنێوخۆی ئێران ڕەوتێکی ڕولەزیادبونیان هەبوە. ڕولەگەشەبونی ئەم ڕەوتە بۆ کۆمەڵێک هۆکار، یەک لەوان هەستیاریی خەڵک لەئاست ئەو پرسانە بەتایبەتی پێداگرییان لەسەر مافە نەتەوەیی و زمانییەکانیان دەگەڕێتەوە .

توێژینەوە زمانییەکان لە ئێران لە چوارچێوەی چ ئایدۆلۆژیا و گوتارێکدا ئەنجام دراون؟ گوتاری زاڵ و گوتارە ڕقەبەرەکان کامانەن؟ سنور و مەیدان و پانتاییی تیۆری و جۆگرافیاییی ئەو توێژینەوانە کوێیە؟ توێژینەوەکان بەزۆری کام پرس و بابەت دەگرنەخۆ؟ ئەو ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لەسەر هاتنەگۆڕ و بەردەوامیی ئەم جۆرە توێژینەوانە، ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە، کامانەن؟ ئەمانە هەمویان دەیانتوانی و دەتوانن ببنە پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی، بەڵام زۆریی توێژینەوەکان، فراوانیی ئەو پرس و بابەتانەی لێیان کۆڵیوەتەوە، هەروەها پێویستیی ئەم پرسیارانە بە وەڵامی تێر و تەسەل، ناچارمان دەکەن سنوری ئەم توێژینەوەیە لەڕوی سەردەم، بۆ ماوەی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی(لە١٩٧٩ەوە تا ئێستا) بەرتەسک بکەینەوە .

ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان پێکراوە و نمونەیان لێوەرگیراوە، بەزۆری ئەو توێژینەوانەن لەلایەن کەسانی ئەکادیمی، یان لەلایەن ناوەندەکانی توێژینەوەی سەربە دەزگا و دامەزراوە دەوڵەتییەکان ئەنجامدراون و لە گۆڤارە زانکۆییەکان یان وەرزنامە پسپۆرییەکانی سەر بەو دامەزراوانەدا بڵاوبونەوە. دۆزینەوەی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٥ ئاب ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٢٦ ئەیلوول ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٢ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: qader.fattah@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ قادر فاتیح ئەحمەد، عمر محمود کریم، جعفر شیخ الاسلامی،
گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp311-321

سەرچاوەکان، بەزۆری، لە ڕێگەی گەڕان لە کلیلەوشەی وەک "سیاسەت و پلانی زمانی"، "ئایدۆلۆژیای زمان"، "زمان و ناسنامەی نەتەوەیی و ئەتنیکی"، "مەترسی بەردەم زمانی کەمایەتییەکان"، "زمان و پەروەردە"، "زمانی خوێندن لە ئێران"، "پێگەی زمانی فارسی لە ئێران"، "کێشەی منداڵانی دوزمانە لە قوتابخانە"، "زمانی ڕەسمی و زمانی دایک"، "مافە زمانییەکان" و چەند کلیلەوشەیەکی تر لە ماڵپەڕ و پێگە زانستییەکانی وەک "علم نت" (جویشگر علمی فارسی)، "Noormagsنورمگز" (پێگەی گۆڤارە پسپۆڕییەکان)، "magiran" (بانک اطلاعات نشریات کشور)، " SID.ir" ( پایگاه مرکز اطلاعات علمی جهاد دانشگاهی)، "سیویلیکا" (مرجع تامین مستندات و مقالات علمی) دەستنیشان کراون و لە گۆڤارە زانکۆییەکانی ئێران، وەرگیراون .

ئەم توێژینەوەیە بە سودوەرگرتن لە میتۆدی وەسفی، لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و باوەڕمەند بە پلۆڕالیزمی زمانی و ڕێزگرتن لە مافە نەتەوەیی و مافە زمانییەکان، ڕووبەڕووی ئایدۆلۆژیا و گوتاری "یەک نەتەوە_ یەک زمان" لە کۆمەڵ و وڵاتیکی فرەنەتەوە، فرەناسنامە و فرەزمانی وەک ئێراندا بووەتەوە و هەڵوەستەی لەسەر ڕوانگەکان، پێشنیاز و ئەنجامەکانی توێژینەوە ئێرانییەکان کردووە.

کۆڵەکەی سەرەکیی سیاسەتی زمانیی ئێران لەسەر گرنگیدان بە زمانی فارسی دانراوە. گریمانەی سەرەکی لەم توێژینەوەدا ئەوەیە توێژینەوە زمانییەکانی ئێران کە بۆ بەرگری لەو سیاسەتە زمانییە نوسراون، هەوڵ دەدەن:

یەکەم، زمانی فارسی بە زمانی هەمو سەردەمەکانی ئێران و هەمیشەیی بناسێنن.

دووەم، ناسنامەی ئێرانی لە زمانی فارسیی گری بدەن.

سێیەم، پشتی ڕوانینی ئەمنیەتیی دەسەڵات بۆ پرسی فرەیی زمانی و نەتەوەیی بگرن.

هەر یەک لەو گریمانانە بە پشتبەستن بە ناوەڕۆکی چەندان توێژینەوە لەبواری پێوەندیداری خۆیدا، دەخرێتەبەر باس و لە مەحەک دەدرێن.

## ١. زمانی فارسی، زمانی هەمو سەردەمە مێژوییەکانی ئێران

### ١. ١ مێژووسازیی ناسیۆنالیزمی ئێرانی/فارسی بۆ زمانەکەیان

زۆربەی ئەو توێژینەوە زمانییانەی لەڕوانگەی لایەنگری لە سیاسەتی تاکزمانی لە ئێران ئاوڕیان لە سیاسەتی زمانی لەو وڵاتە داوەتەوە، زمانی فارسی بە تاکەزمانی هاوبەشی ئێرانییەکان، بەدرێژاییی مێژو، ناو دەبەن[١]. توێژینەوەکان بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە، یان بۆ نەچونەژێر پرسیاری، لە ئاماژەکردن بۆ هێندێک ڕاستی خۆدەبوێرن. بۆ نمونە باسی ئەوە ناکەن کە هەر لەنێو نەتەوە پێکهێنەکانی ئێراندا، نەتەوەی وەک کورد هەیە کە زمانەکەی سەدان ساڵە شێعر و دەقی ئەدەبی و ئایینی بەرزی پێ بەرهەمهاتووە و ئەو دەقانە شان لە شانی دەقە بەرزەکانی ئەدەبی فارسی دەدەن. هەروەها بەلای ئەو ڕاستییەدا ناچن کە لە سەدەکانی پێشودا ئەگەر پێوەندییەک لەنێوان نەتەوەکانی ئێراندا هەبوبێت، پێوەندییەکی سنورداری ناچاری ئەویش لەئاستی پێوەندیی نێوان والی و سەرۆکی ئەمارەتەکان لەگەڵ پاشا و سوڵتاندا بووە. وەک سەدەی بیستەم، سوپای سەرانسەری و پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری و قەوارەیەکی ئیداریی چڕ و پتەوی سەرانسەری نەبوە کە ئەوەندە "زمانی هاوبەش"ی پێویست بوبێت. بە گوێرەی ئەو توێژینەوانە، پێشینەی زمانی فارسی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییی سەردەمی ساسانییەکان. بۆ نمونە لێکۆڵەرێک دەنوسێت: "ئەم زمانە هەمان زمانی پەهلەوییە کە زێدەکەی سەرزەویی فارس بووە و لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی چوارسەد ساڵەی ساسانییەکاندا بۆ ناوچەکانی‌تر پەلی هاویشتووە و لەگەڵ وشەی (زمانی)پارتی کە زمانی خەڵکی خۆراسان بووە و لەگەڵ کەرستەی خۆجێیی ئاوێتە بووە. لەکۆتاییی سەردەمی ساسانیدا، ئەم زمانە، ناوی زمانی دەری بووە، بەڵام پاش ئیسلام، دەری، فارسی(پارسی)ی دەری و فارسیی(دەری)یان پێوتووە"(شەریف،٢٠١٥:١١٥).

سەرچاوەیەکی‌تر هەر ئەم پەیامە جۆرێکی‌تر دەردەبڕێت: "زمانی نوسراوەکانی سەردەمەکانی کۆن و نوێ، بەزۆری بە مێحوەریەتی زمانی فارسی بووە... نەتەوەیەک کە سەدان سەدە لەژێر هێرشی بێگانەکان و تاڵانچییەکاندا توانیویتی ژیانی مێژوویی و سەربەخۆیی نەتەوەیی و کولتوریی خۆی بپارێزێت، تەنیا لە سایەی وریایی و دەرکی مێژوویی خۆی و بەهۆی بەکارهێنانی زمانی یەکگرتوی نەتەوەیی و مێژوویی خۆی (زمانی فارسی) توانیویتی لەبن شوێنەواری شکانەکان و توفانی پڕ شەپۆلی ڕوداوە مێژووییەکان، سەر بەرز کاتەوە" (میرزایی و نەوین. ٢٠١٦:١٢٦٥).

ئاشکرایە چەشنێک ناسیۆنالیزمی توخی فارسی/ئێرانی لەم دەربڕینەدا هەیە، دەنا لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانە، وەکو کاری "رضا ضیا ابراهیمی"، پێیان دەڵێن کە ئەو هەمو هێرش و تاڵانەی باسی دەکەن و گۆیا بەشێکی لەلایەن عەرەبەکان و ئیسلامەوە بووە، هیچ ئەسڵ و ئەساسی نییە[٢]. لەڕاستیدا، عەرەبەکان زۆر زیرەکانە سودیان لەزمانی فارسی وەرگرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە ئێران و وڵاتانی دەوروبەریدا. بەهەرحاڵ، ئەوکاتی خۆ ئەو خەڵکە عەرەبیی نەزانیوە کە عەرەبەکان بتوانن ئیسلامی پێ بڵاو بکەنەوە، فارسی ئەو ئەرکەی بەڕێوەبردووە. کەواتە، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە نوێیانە، هێرشی ئیسلام و عەرەب بۆ سەر زمانی فارسی، جگە لە ئەفسانەیەکی دژە-عەرەبیی فارسی/ئێرانی، شتێکی‌تر نییە .

نمونەیەکی‌تر لەم جۆرە گێڕانەوە مێژووییانە لە کتێبی "نامە پهلوانی"دا هاتووە کە سێ قۆناغی بۆ مێژوی "زمانی ئێرانی" داناوە و ناوی ئەم زمانە ئێرانییەش لەهەر سێ سەردەمدا زمانی فارسی بووە. ئەم سەرچاوەیە لەوەشی تێپەڕاندووە کە فارسی وەک زمانی هاوبەش و هەمیشەیی ئێرانییەکان لە هەمو سەردەم و قۆناغەکاندا ناوببا و، یەکجاری ئەم زمانەی وەک"زمانی ئێرانی"! ناو هێناوە: "١-فارسیی کۆن کە بریتی بووە لەزمانی کۆنی پارسیی هەخامەنشی(ئەخمینی) و، زمانی ئەڤێستایی کە نزیکیی زۆری لەگەڵ زمانی فارسیی هەبووە و، هەروەها لەگەڵ زمانی کۆنی هیندوستان کە سانسکریت بووە لێک نزیکن.٢-فارسیی میانە(نێوەڕاست) کە لە پەهلەویی ئەشکانی و پەهلەویی ساسانی پێکهاتووە. ٣-فارسیی نوێ، زمانی فارسیی دەری دوای هاتنی ئیسلام..." (جۆنەیدی، ١٩٨١:١٥). ئاشکرایە کە زمانێک بە ناوی "زمانی ئێرانی"

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp311-321

هەر نییە، بەڵکو زمانە ئێرانییەکان هەن. توێژەر ناوی "فارسی"شی لەگەڵ زمانی "دەری"دا بەیەکەوە هێناوە تا وانیشان بدا زمانی فارسی هەمان "دەری" بووە و هەر لەکۆنەوە ئەم زمانە هەبوە. ئەم جۆرە گێڕانەوانە تەنیا بۆ جێگیرکردنی ئەم باوەڕە لە مێشکی خوێنەراندایە کە زمانی فارسی "لەوەتا دنیا دنیایە هەر هەبوە" و هەروەها وڵاتی ئێران مێژویەکی چەندهەزار ساڵەی هەیە، زمانەکەشی تەمەنێکی چەندهەزار ساڵەی هەیە و ناوەکەشی لەو چەند هەزارساڵەدا هەروەک خۆی ماوەتەوە. لەجیاتی سەردەمی کۆن، "فارسیی کۆن"ی نوسیوە و لەجیاتی سەردەمی نێوەڕاست، نوسیویەتی فارسیی نێوەڕاست، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خەڵکی ئێران هیچکات بە یەک زمان قسەیان نەکردووە و خاوەنی تاکەزمانێک نەبوون .

## ٢.١ بون بە زمانی سەردەست لە ئاکامی سەرکوتی زمانانی‌تر

توێژەرانی ئێرانیی لایەنگری سەردەستبونی زمانی فارسی، خۆیان شایەتی بۆ ئەم ڕاستییە دەدەن، کە ئاڵاهەڵگرانی نوێخوازی لە ئێران و داهێنەران و هەڵگرانی بیری ناسیۆنالیزمی ئێرانی، بایەخدان بە زمانی فارسی و پەراوێزخستنی زمانە نافارسییەکانی ئێرانیان بە یەکێک لە مەرجەکانی نوێبونەوەی وڵات و بنیاتنانی ئێرانێکی بەهێز زانیوە. بۆ نمونە یەکێک لەو توێژینەوانە ئاماژە بەم ڕاستییە دەکا کە لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا، هەر بەوە وازیان نەهێناوە کە فارسی بکەن بە زمانی هاوبەش، بەڵکو لە ئەنجامی پشتگوێخستنی زمانانی‌تر، کردویانە بە زمانی تاقانە: "ئێران وڵاتێکی چەندقەومی و چەندزمانەیە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی ڕەوتی نوێکردنەوە لە ئێران، سیاسەتی زمانی لە حکومەتی پەهلەویی یەکەمدا، لە تەرخانکردنی پێگەی زمانی هاوبەش بۆ زمانی فارسی، گۆڕا بۆ زمانی تاقانە و سیاسەتی تاکزمانی کرا بە مەرجی یەکگرتویی نەتەوەیی لە ئێران. بە گرتنەبەری ئەم سیاسەتە دەرەتانی گەشە و هەڵدان تەنیا بۆ زمانی فارسی مایەوە و زمانانی‌تر، لەڕیزی زمانە ڕەسمییەکان وەلانران"(قورەیشی و هاوکارانی، ١٣٩٧:١٢٥).

فەرهەنگستانی یەکەم کە بە پێشنیازی محەمەد عەلی فروغی و پەسندی ڕەزاشا پێکهات و لە ساڵی ١٣١٤(١٩٣٥) بەڕەسمی دەستبەکار بو، "پاراستن و پەرەپێدان و پێشخستنی زمانی فارسی"ی کرد بە ئامانجی سەرەکیی خۆی. نەک هەر پەرەپێدان و پێشخستنی زمانەکانی‌تری دانیشتوانی وڵاتی ئێرانی نەکردووە بە ئامانج و ئەرکی خۆی، تەنانەت لەپێوەندی لەگەڵ پاراستنیشیاندا خۆی ئەرکدار نەکردووە. توێژەر شەریف، لە توێژینەوەکەی خۆیدا (١٢٣:٢٠١٥) ئاماژەی بەوە کردووە لەنێو بەڕێوەبەرانی فەرهەنگستاندا کەسی وا هەبوە کە گرنگیدان و مەیداندان بەو زمانانەی وەک مەترسی بۆ زمانی فارسی سەیر کردووە.

کاتێک بۆ یەکەمجار چەمکی "سیاسەتی زمان" لەو سەردەمدا دێتەبەرباس، ئیقبال ئاشتیانی کە خۆی یەکێک لە ئەندامە هەمیشەییەکانی فەرهەنگستان بووە، بەرگریی لە سیاسەتێکی زمانی بۆ ئێران کردووە کە دژی بەڕەسمی ناسینی بە وتەی ئەو "زارە خۆجێییەکان" بێت. "ئیقبال ئاشتیانی گرنگیدان بە زمانی کەمایەتییەکانی لە بەرانبەر زمانی ڕەسمیدا بە مەترسییەکی گەورە زانیوە، بەتایبەتی نیگەرانی هەستیاریی کوردەکان لەئاست زمانی خۆیان بووە و ئەم هەستیارییەی بە پیلانی دەرەکی زانیوە و دەوڵەتی لەم نیگەرانییە وشیار کردووەتەوە (شەریف،١٢٤: 2015). سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەگەرچی نزیکەی٩٠ ساڵ بەسەر فەرهەنگستانی یەکەمدا تێپەڕیوە، هەتا ئێستاش ئامانج و ئەرکی فەرهەنگستان لە ئێران لەخزمەتکردنی زمان و ئەدەبیاتی فارسیدا خۆی دەبینێتەوە و ئەگەر تاکەجارێک ئاماژە بە "زمانە خۆجێییەکان" کراوە، بە مەبەستی"سودوەرگرتنی دروست و بەجێ لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بە ئامانجی بەهێز و تەیارکردنی زمانی فارسی و دەوڵەمەندکردن و بەرینکردنەوەی سنوری کارپێکردنی" (بروانە پێڕەوی ناوخۆی فرهنگستان زبان و ادب فارسی، پەسندکراوی ١٣٦٨/١١/٢٤). ئەو ئایدۆلۆژیا و ڕوانینەی لە دروستبونی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانەوە لە بارەی زمانە نافارسییەکان هەیە و بە داخەوە هەر لە ئاستی دەوڵەت و دەسەڵاتیشدا نەماوەتەوە و ڕوناکبیران و توێژەرانی سەر بەو ئایدۆلۆژیایەشی گرتووەتەوە، جۆرێکە لە زمانکوژی، چونکە بە گوێرەی پێناسەی دو لە زانا بەناوبانگەکانی بواری زمانەوانی: "زمانکوژی بریتییە لە قڕکردنی زمانەکان، چەمکێکی هاوشێوەی ژینۆسایدی (فیزیکی)یە.

مردنی زمان بریتییە لە لەناوچون و سڕینەوەی زمانەکان، دەکرێت وەک چەمکێکی هاوشێوەی مردنی سروشتی چاوی لێبکرێت" (Skutnabb and Phillipson, 1996, 83). ڕاستە بەهۆی ئەو ئایدۆلۆژیایە و لێکەوتەکانی، ئاخێوەرانی ئەم زمانانە بەرەوڕوی کۆمەڵکوژیی فیزیکی نەبونەوە، بەڵام وەک "سکۆتناب" و "فیلیپسۆن" لە شیکردنەوەی ئەم چەمکەدا وتویانە، زمانکوژی و مردنی زمان دەبێ لە سەر ئاستی زمانەکانەوە سەیربکرێت نەک ئاخێوەرانی زمانەکان، واتە ئاخێوەران یان نەوەکانیان لەوانەیە بە شێوەی زۆرەملێ، هاوفەرهەنگ بکرێن و لە ئاستی تاکەکەسیدا توشی گۆڕان یان لەدەستدانی زمان ببن، بەڵام کاتێک لەدەستدانی زمان هەمو ئاخێوەرانی زمانەکە دەگرێتەوە، ئەوکات دەبێتە هۆی زمانکوژی یان مردنی زمان(هەمان سەرچاوە).

زمان، لە ئێرانی فرەزمان و فرەنەتەوەدا هیچکات هێمای یەکێتی نەبوە، بەڵکو هێمای فرەیی و جۆراوجۆری بووە. وەک توێژەر ئیسماعیل هادی ئاماژەی پێکردووە: "لەگەڵ ئەوەی دەگوترێت زمان لە ئێران، هەوێنی"یەکێتی"یە، بەڵام ئەم ڕاستییە هەستپێکراو و حاشالێنەکراوە لەبەرچاو ناگیرێت کە وڵاتی ئێمە هەر لەکۆنەوە هەتا ئەمڕۆ ناسنامەیەکی چەندزمانی و شێوەشەبەنگی هەبوە؛ زمان لە وڵاتی ئێمە، هێمای فرەیی بووە نەک یەکێتی" (هادی،٢٠٠٤:٤٩٥ ).

ئەگەر بەدورلە دەمارگرژی سەیری پێکهاتەی دانیشتوانی ئێران و ڕوخسارە کولتورییەکانیان بکرێت، ئەوەی بەرلە هەر شتێکی‌تر سەرنج ڕادەکێشێت فرەیی و جۆراوجۆرییە. ئایین، زمان، جلوبەرگ، کەلەپور، گۆرانی و هتد هەمویان بەپێی جوگرافیا و جۆری دانیشتوان دەگۆڕێن. ئەم جۆراوجۆرییە بە تایبەتی لە زمانی پێکهاتەکانی وڵاتدا، تەواو هەستپێکراوە، کەچی توێژەری وا هەیە بە سانایی، زمانی فارسی دەکات بە زمانی هەموان و وەک هێمای یەکێتیی ئێرانییەکان دەیناسێنێت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp311-321

## ٢.گرێدانەوەی ناسنامەی ئێرانی بە زمانی فارسی

### ٢. ١ پێگەی تاقانەی زمانی فارسی لە نێو ناسنامەی ئێرانیدا

لە دروستبونی دەوڵەت-نەتەوەی ئێراندا هەتا ئێستا، ڕووناکبیرانی سەربە نەتەوەی سەردەست کە لەبواری ناسنامە و نەتەوەگەرێتی و زماندا توێژینەوەیان کردووە، جگە لەوەی زمانی فارسییان وەک زمانی نەتەوەیی و ڕەسمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران ناساندووە، پێداگرییشیان لەسەر ئەمە کردووە کە ئەو زمانە، پێوەندییەکی جیانەکراوەی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی و ئێرانیبوندا هەیە.

لەگەڵ ئەوەی لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیدا، ئەم ناسنامەیە، جگە لە"ئێرانی" و "ئێرانیبون"، کەرتێک یا توخمێکی تریشی پێوەزیادبووە کە ئیسلامی و ئیسلامیبونە، بەڵام پێوەزیادبونی ئەم توخمەش بەو ناسنامەیە، گۆڕانێکی لە پێگەی تاقانەی زمانی فارسیدا پێکنەهێناوە و هەروەک ڕابردو بە هەوێن و ماکەی ناسنامەی ئێرانی ماوەتەوە. توێژینەوەی "فەرەجی" ئەم تێگەیشتنە لە پێگەی زمانی فارسی لە ئێرانی ئیسلامیدا بە ڕونی پشتڕاست دەکاتەوە: "لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە لەسەر بناغەی ئایینی یەکتاپەرستی دامەزراوە، زمانی نەتەوەیی، گەورەترین سەرمایەی کولتوری و گرنگترین هۆکاری پاراستن، بەردەوامی و سەربەخۆیی کولتوری و پارێزگارییە لە ناسنامە (فەرەجی،٢٠٢٠:٣٤٠).

شاهرۆخ مەسکووب، یەکێکی ترە لەو توێژەرانەی کە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی لە گرەوی گرنگیدان بە زمانی فارسیدا دەبینێ: "لەم ڕۆژگارەدا کە زمانی فارسی و میللییەتی ئێرانی لەهەر لایەکەوە بوون بە ئامانجی ڕق و کینەی نەیارانی خوگرتو بە دوژمنی و سەدان هەزار ئێرانیی ئاوارەبو لەسەرانسەری جیهان، هەمیشە مەترسیی لەدەستدانی شوناسی نەتەوەییی خۆیان لەسەرە، خۆتەرخانکردن بۆ زمانی فارسی و پاراستنی ئەم تاکە سەنگەرە هەمیشەییە لەبەرانبەر هێرشی بێگانەکان بۆسەر ناسنامەی نەتەوەییی ئێمە، ئەرکی هەمو ئێرانییەکانە (مەسکووب،٤: ١٩٨٩).

با سەرنج بدەینە توێژینەوەیەکی‌تر و نمونەیەکی‌تر لە گرێدانەوەی ئێرانیبون بە زمانی فارسی. توێژەر قوبادی، ئێرانیبون بە پێوەری هۆگری بە زمانی فارسی دەپێوێت و دەنوسێت: "بێ زێدەڕۆیی، ئێرانییەتی هەر کەسێک دەتوانین بەگوێرەی ڕێژەی هۆگری و ناسیاوی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی فارسی هەڵسەنگێنین و ئەو گەنجینە بێهاوتایانە بە مەحەک و پێوەری ئێرانییەتی ئەو بزانین. لە جیهانی ئەمڕۆدا پێوەندییەکی ئەوەندە پتەو و بەردەوام لەنێوان ناسنامەی ئێرانی- هەم لەبواری تاکەکەسی و هەم لەبواری ناسنامەی کۆمەڵایەتی و میراتی زمان و ئەدەبیاتی فارسیدا- هەیە کە دەتوانین بڵێین تانوپۆی ناسنامەی ئەمڕۆی ئێرانییەکان لەگەڵ هەوێنەکانی زمان و ئەدەبیاتی فارسی ئاوێتە بووە"(قوبادی،٢٠٠٩:٤٨).

لەم جۆرە ڕوانینەدا، "ناسنامەی نەتەوەیی" و "ئێرانیبون" یەک واتایان هەیە و ئەو ناسنامەیەش بە زمانی فارسی، دەناسرێتەوە. بە دەربڕینێکی‌تر، پێکهاتەکانی‌تری ئێران کە فارسی زمانی ئەوان نییە، نابێ خۆیان وەک نەتەوە و زمانەکەیان وەک زمانێکی جیاواز سەیر بکەن، بەڵکو دەبێت خۆیان وەک "ئێرانی" کە فارسی زمانی نەتەوەیی ئەوانە و زمانی قسەکردنی خۆشیان وەک زارێک لە زمانی فارسی ببینن، ئەگینا ڕق و کینەی نەیارانی خوگرتو بە دوژمنی ئێران، ناسنامەی نەتەوەیی و یەکێتی و بەهێزیی وڵاتەکەیان لەنێودەبات .

### ٢. ٢ فارسی وەک زمانێکی سەرو ئەتنیکی

زێدەڕۆیی لە ناساندنی زمانی فارسی وەک زمانی سەرو ئەتنیکی و زمانی سەرەکیی هەمو دانیشتوانی ئێران، وایکردووە لە ژمارەیەک لە توێژینەوەکاندا، حاشا لە بونی قەومێک یا پێکهاتەیەک بە ناوی فارس بکرێت. توشی گوزارەی لەم چەشنە دەبین کە لە ئێران، قەومێک بە ناوی "فارس" نییە و زمانی فارسی، زمانی قەومێکی دیاریکراو نییە؛ بەڵکو زمانی هەمو قەومەکانە. بڕواننە ئەم نمونانە: "بە شێوەیەکی گشتی، زمانی فارسی لە سەردەمانی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ، هیچکات زمانی قەومێکی تایبەت نەبوە و زمانێکی مەعریفەتی، لێککۆکەرەوە و یەکیەتیخوڵقێن بووە، بووە بەهۆی ئەوەی خەڵکانێک بە ڕەنگی جیاواز و ڕەگەزی جۆراوجۆر و مەودای جۆگرافیی زۆر، بتوانن پێکەوە پێوەندییان هەبێت"(بیدوڵلاخانی، ١٦٨: ٢٠٢٠). توێژەرێکی‌تر بەم جۆرە لەڕۆڵی زمانی فارسی دەدوێت: "زمانی فارسی گرنگترین دیاریی کولتوری و کۆڵەکەی سەرەکیی ناسنامەی نەتەوەییی ئێمەی ئێرانییەکانە" (ناسیح، ٢٠٠٨:٣٤١).

ئەگەر فارسی زمانی قەومێکی تایبەت نییە، ئەدی تارانی، کرمانی، سێمنانی، قەزوینی، شیرازی و یەزدی کە فارسزمانن، سەربە چ قەومێکن؟ و لەژێر کاتیگۆریی کام"قەوم"ی تایبەتدا جێیان دەبێتەوە؟ هێندێک لەو توێژەرانە، دانیشتوانی ئەو شار و ناوچانە نەک بە ناوی قەومی فارس بەڵکو هەر بە ناوی شارەکانیان، ناو دێنن! تورک، کورد، بەلوچ، لوڕ، تورکمان، عەرەب، (کە بە دەربڕینی ئەوان، "ئەقوام" و "قبایل"ن) لەگەڵ تارانی، شیرازی، ئیسفەهانی، ڕەشتی، یەزدی، کرمانی و هتد کە دانیشتوانی شارێکی دیاریکراون، دەخەنە تای تەرازویەک و ناسنامەی قەومیی دانیشتوانی ئەو شارانە کە فارسن، دەشارنەوە.

بەم جۆرە لەلایەک ناسنامەی ئەو نەتەوە نافارسە چەندین و چەند ملیۆنییانەی ئێران، تا ئاستی دانیشتوانی شارێک دادەبەزێنن. لەلایەکی‌تر حاشا لە بونی قەومێک بەناوی فارس دەکەن تا پێکهاتە نافارسەکان واهەست نەکەن کە فارسی زمانی قەومێکی تایبەتە و بەسەریاندا سەپاوە.

هەڵسوکەوتی توێژەرانی سەربە ئایدۆلۆژیای "نەتەوەی ئێران" لەگەڵ شوناسی ئەتنیکی و زمانی پێکهاتە نافارسەکان بە دو جۆری جیاوازە، بەڵام ئەنجام و لێکەوتەی هەردو جۆرەکە یەک شتە. یان داوا دەکەن هەمو شوناس و زمانەکان لەپێناوی پتەویی قەوارەیەکی ناسنامەیی و زمانی و بەرینبونەوەی هێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی وڵات و گەورەبونەوەی ڕوبەرە کەلتورییەکەیدا، پشتگوێ بخرێن و بێدەنگەیان لێ بکرێت، وەک توێژەر بیدوڵلاخانی داوای دەکات: "یەکگرتویی نەتەوەیی و بەرینبونەوەی هێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی هەر وڵاتێک، بەبێ قەوارەیەکی ناسنامەیی و زمانیی پتەو ڕوبەڕوی شکان دەبێتەوە. یەکێک لە بناغە شوێندانەرەکانی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp311-321

هێزی کەلتوریی هەر وڵاتێک، بەرینبوونەوەی ڕووبەری کەلتوریی زمانەکەی بۆ دەرەوەی سنورە جۆگرافییەکانیەتی. کەلتوری ئێران بەپێشینەیەکی چەندهەزار ساڵە و شوناسە نەتەوەیی-مێژوییەکەی لەسەر بناغەی زمانی فارسی، دەتوانێت لە توخمە شوێندانەرەکانی کاریگەریی ناوچەیی و سیاسی بێت" (بیدوڵلاخانی،٢٠٢٠:١٤٧). یان کاتێک بەهەر هۆیەک باس لە"ناسنامەی قەومی" و بەشوێن ئەویشدا، باس لە"زمانە قەومی و خۆجێییەکان" لە توێژینەوەکانیاندا دەکەن، کەمتر سەبارەت بە بایەخ و گرنگیی خودی زمانەکان و ڕێزگرتن لەو ناسنامانەیە کە ئەم زمانانە ڕۆڵیان لە دروستکردنیاندا هەبوە، بەڵکو بەزۆری لە ڕوانگەی پێویستبونی ئەو زمانانە بۆ دەوڵەمەندی و بەهێزکردنی "زمانی نەتەوەیی"یە.

بەم جۆرە ئەنجامی هەردو شێوە هەڵسوکەوتی جیاواز، هەریەک شتە و ئەویش قوربانیبون لەپێناوی پەرەگرتنی زمان و شوناسی داسەپاودایە. قوبادی، نمونەی ئەو توێژەرانەیە کە لەپێناوی خزمەتکردنی زمانی فارسیدا، پاراستن و مانەوەی زمانانی‌تری ئێرانی بە پێویست دەزانێت: "بۆ گەشە و هەڵدان، بەهێزی، پاراوی و گشتگیریی زمانی فارسی، پاراستن، بەهێزکردن و بەردەوامیی ڕیشە و بنیاتەکانی زمانە قەومی و خۆجێییەکانی ئێران پێویستە. بەتواناکردنی زمانی و بایەخدان بە پێویستیی پاراستن و گەشەکردنی زمانی فارسی، لەگرەوی پاراستن و مانەوەی بنیاتەکانی واتە زمانە قەومی، خۆجێییەکان و وردەکەلتورەکانیدایە" (قوبادی، ٢٠٠٩:٦٤).

لە ڕوانگەی ئەو جۆرە توێژەرانەدا، زمانە نافارسییەکان وەک زمانێکی سەربەخۆ و وەک هەر زمانێکی‌تر کە مافی مانەوە و گەشەکردن و بەکارهاتن لەپەروەردە و بوارەکانی‌تری ژیانی کۆمەڵایەتییاندا هەیە، سەیر ناکرێن؛ هیچ گرنگییەک بە ئەدەبیاتی نوسراو و سامانی ئەدەبی و زمانیی جۆراوجۆریان نادرێت، تەنیا لە چوارچێوەی خزمەتکردنی زمانی فارسیدا بایەخیان هەیە.

## ٣.٢ زمانی فارسی، ئامرازی پەرەپێدانی شیعەگەری و هەژمونی کۆماری ئیسلامیی ئێران

ستەم و هەڵاواردن لە سودی زمانی فارسی و لە زیانی زمانانی‌تری ئێران، ئەوکاتە بەباشی خۆی دەردەخات کە دەبینین هەر ئەو توێژینەوانە، وێڕای خەمساردییان لەئاست بەرەسمی نەناسران و قەدەغەبونی پەروەردە و خوێندن بەو زمانانە و پەراوێزخرانیان لەبوارە فەرمییەکاندا، چەندە لەخەمی پەرەپێدانی زمانی فارسی لە دەرەوەی سنورەکانی وڵاتدان و گرنگی بە پاراستن و بەرگرلێکردنی لەبەرانبەر زمانە جیهانییەکاندا دەدەن. پەرەپێدانی زمانی فارسی وەک بەردی بناغەی ناسنامەی ئێرانیبون و سودوەرگرتن لەو زمانە بۆ بەرینکردنەوەی قەڵەمڕەوی هەژمونی کۆماری ئیسلامی لە جیهانی شیعەدا، یەک لە ئامانجەکانی ژمارەیەک لە توێژینەوەکانە.

وەک نمونە، توێژەر موتتەقی، زمانی فارسی بە ئامرازێکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی شیعەگەری و ناوچەی ژێرکاریگەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشنیاز دەکات: "زمانی فارسی وەک یەک لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی شوناسی ئێرانی دەکەوێتە چوارچێوەی گوتاری شیعەی جیهانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەم پێز و لێهاتوییەی هەیە کە ببێتە تەواوکەری ئەم گوتارە و بە لەبەرچاوگرتنی قووڵاییە مێژوییەکەی، قەڵەمڕەوی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سنورە دەستنیشانکراوەکان بەولاوەتر ببات"(موتتەقی و نوسەرانی‌تر، ٢٠٢٠:٣٠٣). لە نێوخۆی ئێرانی ئیسلامیدا کە زۆربەی زۆری پێکهاتە نافارسەکان موسوڵمانن و بەزۆری شیعەمەزهەبیشن، گرنگی بە زمان و ئەدەبیاتیان نادرێت و زمانەکەیان لەگەڵ ستەم و هەڵاواردن بەرەوڕویە، کەچی پێشنیاز دەکرێت زمانی فارسی بکرێتە ئامرازی بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتی دینیی ئێران لە وڵاتانی شیعەمەزهەبدا.

وێڕای پێشنیازی بەکارهێنانی زمان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای ئایینیی دەسەڵاتی وڵات، پێداگری لەسەر پاراستنی زمانی فارسی لە بەرامبەر شوێندانانی زمانە بیانییەکان بە تایبەتی زمانی ئینگلیزیدا ئامانجێکی‌تری ئەم جۆرە توێژینەوانەیە. بۆ نمونە توێژەر، سادات حوسێنی دەنوسێت: "یەکێک لە ئامانجەکانی سیاسەتداڕێژان دەبێت ڕوبەڕوبونەوە بێت لەگەڵ هەژمونی زمانی ئینگلیزی، نەک وەک زمانێکی زانستی و نێودەوڵەتی؛ بەڵکو وەک ئامرازێکی ئیمپریالیزم.

یەکێک لە ڕێگاچارەکان چوون بۆنێو خودی کۆمەڵگە ئینگلیزی زمانەکان بە سودوەرگرتن لە شارەزایی و لێهاتویی لەم زمانەدایە؛ کە بکرێت بە شێوەیەکی دولایەنە و پێچەوانەکردنەوەی هێرش بۆسەر بیروڕای ڕۆژاوایی، بیروڕای ئیسلامی و ئەخلاقی لە ڕێگەی شارەزاییی تەواو لە زمانی ئینگلیزی و پێشکەشکردنی سەرچاوەی دەرسی و فێربون بۆ وڵاتانی‌تری ئیسلامی ڕەوانە بکرێت"(سادات حوسێنی،٢٠١٦:٧٠). ئەم توێژەرە، لەکاتێکدا "زمانە قەومی و خۆجێییەکان وەک گەنجینەی کەلتور و زانستی ئێمە" ناودەبا، فارسی(نەک ئەو زمانانە) بە زمانی دایکی ئێرانییەکان دەزانێت: "هێندێک جار فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی لەکاتی فێربونی زمانەکەدا لەگەڵ گیروگرفت بەرەورو دەبن، کە بەزۆری بۆ تەواو شارەزانەبونیان لەزمانی دایک واتە فارسی، دەگەڕێتەوە"، هەربۆیە پێشنیاز دەکات: "پلاندارێژانی فێرکردن، زیاتر لە زمانانی‌تر، بایەخ بە فێربونی زمانی فارسی بدەن و لە سیاسەتە فێرکارییەکانیاندا، گرنگیی زیاتر بدەنە فێربونی زمانی فارسی (هەمان سەرچاوە، ٧١).

شتێکی چاوەڕوانکراو و ئاساییە کە دەسەڵاتی وڵاتێک، زمانە ڕەسمی و سەرەکییەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیا و سیاسەتەکانی لەدەرەوەی وڵات و کۆمەڵگای خۆی بەکاربێنێت، بەڵام ئەوەی لەم پێوەندییەدا نائاسایی و نادادپەروەرانەیە، پەراوێزخران و پشتگوێخستنی بەئەنقەستی کۆمەڵێک زمانی وڵاتێک لەپێناوی سەردەستی و پەرەگرتنی تاکەزمانێکدایە. ئەگەر زمانی فارسی لەژێر هێرشی"زمانی ئیمپریالیزم"[٣] و زمانانی تری جیهاندایە، زمانە نافارسییەکانیش لەکاتێکدا لە پشتیوانیی دەوڵەت و دامودەزگاکانی بێبەشن، فەرهەنگستانی تایبەت بەخۆیان نییە، هەروەها ئەگەرچی ڕێگەیان پێنادرێت لە پەروەردەدا بەکاربهێنرێن، لەگەڵ هەمان هێرش و هەڕەشەی زمانە بیانییەکان ڕوبەڕون، ئەویش لە دۆخێکدا کە هاوکات لەژێر گوشاری زمانی ڕەسمیی وڵاتیشدان. ئەوەی کە ئەم زمانانە بەم بارودۆخەوە چۆن دەتوانن خۆیان بپارێزن و بەرگری لە مانەوەی خۆیان بکەن؟ کێشەی ئەو توێژەرانە نییە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp311-321

## ٣. ڕەنگدانەوەی ڕوانینی ئەمنی بۆ فرەزمانی و فرەئەتنیکی لە توێژینەوەکاندا

### ٣. ١ کاریگەریی قوتابخانەی کۆپێنهاگ و شوێنپەنجەی کاربەدەستانی ئەمنی

یەکێک لە ئەنجامەکانی ڕوانین لە زمان، لە دەلاقەی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆمەڵ و وڵاتێکدا کە چەند نەتەوە پێکەوە دەژین، سەیرکردنی فرەزمانی وەک "کێشە"، ئەویش کێشەیەکی ئاڵۆزە. بە تایبەتی ئەو کاتەی نەتەوەی سەردەست یان زۆرینە هەرتەنیا خۆی بە نەتەوە و زمانەکەی خۆی بە "زمانی نەتەوەیی" و، ئەوانیتر بە "قەوم" و "قەبیلە" و زمانەکانیان بە زارێک لە زمانی نەتەوەی سەردەست، یا زاری خۆجێیی و قەومی پێناسە دەکات. مێژوی ڕوانین بۆ زمان لە دەلاقەی ئەمنیەوە لە ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی مودێرنیتە و پەلهاویشتنی بۆ نێو سیستەمی پەروەردە، بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەت- نەتەوە کە وەک ڕەوتێک لە کۆتایی تەمەنی دەسەڵاتداریێتی قاجارەکاندا دەستی پێکرد، بەڵام لەسەردەمی پەهلەویی یەکەمدا بو کە ئەو ڕەوتە ئامانجەکانی خۆی بەتەواوی بەدی هێنا.

بەرەوپێشبردنی ڕەوتی نوێکردنەوەی ئێران و هاوفەرهەنگکردنی زۆرەملێی خەڵکی وڵات لەڕوی زمان و کەلتور و جلوبەرگ، هاوکات هەم پێویستی بە گۆڕینی بیرکردنەوەی دانیشتوان لەپێوەندی لەگەڵ شوناسی خۆیاندا هەبو، هەم ملکەچکردنی پێکهاتە جیاوازەکانی ئێرانی لەئاستی دەوڵەتی ناوەندیدا دەخواست. ئەمانەش بەبێ دروستبونی دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێز و سیستەمێکی پەروەردەی سەرانسەری و یەکگرتو، جێبەجێ نەدەبون. لەم ڕوانینەدا هەروا کە جێگیربوون و مانەوە و ئاسایشی نەتەوەی ئێران، پێویستی بە توانەوەی پێکهاتە نافارسەکان لەو "نەتەوە"یەدا هەبو، مانەوە و بەهێزی و وڵاتگیریی زمانی فارسییش، لەگرەوی پەراوێزخستن و سەرکوتی زمانە نافارسییەکانی ئێراندابوو.

توێژینەوە زمانییەکانی ئێران کە پێوەندیی نێوان زمان و ئاسایشی نەتەوەییان کردووە بە هەوێنی خۆیان، ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە ڕوانینەیان بە زەقی پێوەدیارە. ئەو توێژینەوانەی بە ئامانجی بەرگری لە تاکزمانی وەک دەستەبەری ئاسایشی نەتەوەیی نوسراون، سێبەری توێژەرانی سەربە دامەزراوە ئەمنیەکانی ئێرانیان بەسەرەوە دیارە. هەر بە نمونە ژمارەیەکی بەرچاو لەو توێژینەوانەی لەبارەی کوردستانی ئێران نوسراون، توێژەرە ئێرانییە ناکوردەکان ئەنجامیان داون کە بریتین لە فەرماندەرانی سوپای پاسداران و کاربەدەستانی حکومەتی لە کوردستان[٤].

توێژینەوە ئەمنی-زمانییەکان لەڕوی تیۆرەوە، بیردۆزە ڕۆژاواییەکانی تایبەت بە ئاسایش، بەتایبەتی قوتابخانەی کۆپێنهاگ و بیردۆزەکانی "باری بۆزان"یان کردووە بە ڕێنوێنی خۆیان. قوتابخانەی کۆپێنهاگ پشتئەستور بە ڕوانگەکانی "بۆزان" لە دەیەی ٨٠ی زایینیدا سەریهەڵدا. بیدوڵلاخانی، کە خۆی یەک لەو توێژەرانەیە لە ژێر کاریگەریی قوتابخانەی ناوبراودا توێژینەوەیان لەبارەی پرسی زمانی فارسی و ئاسایشی نەتەوەیی کردووە، دەنوسێت: "لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپێنهاگ، هەر بابەتێک سیاسی بێت و بەشێک بێت لە سیاسەتی گشتی و پێویست بکات دەوڵەت بڕیاری لەبارەیەوە بدات، ڕەهەندی ئەمنیی هەیە" (بیدوللاخانی،٢٠٢٠:١٥٧). بە تێکەیشتنی ئەو توێژەرە: "شوناسی بەربڵاو لەسەر بناغەی جۆراوجۆریی کەلتوری و ئایینی یان زمانی لە وڵاتانی بچوک و دیموکراتیدا کە ڕەوایەتیی خۆیان لەسەر پەرەسەندن و خۆشبژێوی(ئاسودەیی) بنیاتناوە، دەتوانێت زمان بکات بە پرسێکی گشتی و لەدەرەوەی بازنەی ئاسایش پێناسەی بکات، بەڵام لە کۆمەڵێکی مێژوییدا، ڕەتکردنەوەی شوناس و زمانی نەتەوەیی، کە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا زیندو ماوەتەوە و خۆیان لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێک گونجاندووە، دەتوانن بناغەکانی ئاسایشی نەتەوەییی ئەو کۆمەڵە بەتوندی لاواز بکەن"(سەرچاوەی پێشوو،١٦٣).

ئەم قسەیە ڕاست نییە و پێچەوانە پێشاندانی ڕاستییە. ئەزمونی پێکەوەژیانی نەتەوە و زمان و ئایینە جۆربەجۆرەکان لە هێندێک وڵات کە هەم کۆمەڵێکی مێژویین، هەم وڵاتێکی بچوکیش نین، هەر لەو کاتەشدا "ڕەوایەتیی خۆیان لەسەر خۆشبژێوی بنیات نەناوە" پێچەوانەی ئەم قسەیەی توێژەری ئێرانی دەسەلمێنن. هەر بە نمونە هیندستان کە لەبارەی ژمارەی دانیشتوان، دووەم وڵات و لەبارەی ڕوبەرەوە حەوتەم وڵاتی جیهانە، خەڵکێک بە سەدان زمان و ئایینی جیاوازی لەخۆگرتووە، لەجیاتی سەرکوت و پەراوێزخستنی زمانەکان، کێشەی فرەزمانیی لەڕێگەی بەفەرمیناسین و بەکارهێنانیان لە پەروەردە و دامودەزگای ئیداریدا چارەسەر کردووە و ئاسایشی نەتەوەییشی نەکەوتووەتە مەترسی. پاشان ئەگەر زیندومانەوە لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژودا، ڕەوایەتی (شەرعییەت) بدا بە زمانێک و بیکا بە "زمانی نەتەوەیی"، لەئێران جگە لەزمانی فارسی، زمانانیتریش (یەک لەوان زمانی کوردی)هەن، کە سەرەڕای هەمو سەرکوت و هەڵاواردنێک، توانیویانە بمێننەوە، ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندیان هەیە، هەزاران کتێبیان لەبواری جیاوازدا پێ نوسراوە و پێ وەرگێڕدراوە، دەتوانن زمانی پەروەردە بن و بابەتی زانستییان پێ بنوسرێ.

ئەوە هەر شوناس و زمانی سەردەست یا ناودێرکراو بە "نەتەوەیی"ی نین کە لەسەردەمە جیاوازەکانی مێژوی ئێراندا زیندو ماونەتەوە و خۆیان لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێک گونجاندووە، بەڵکو هێندێک لەو شوناس و زمانانەش کە بە "قەومی" ناویان دەبرێت، سەرەڕای هەمو ئەو گوشار و پیلان و سەرکوتانەی لەلایەن نەتەوەی سەردەست و خۆبەخاوەنزانی شوناس و زمانی نەتەوەیی، بە مەبەستی لەنێوبردن و سڕینەوەیان، ڕوبەڕویان کراوەتەوە، هەر ماونەوە و توانیویانە خۆیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان بگونجێنن. بۆچی ئەوان "نانەتەوەیی"ن و پێداگریی خودانی ئەو شوناس و زمانانە لەسەر مانەوە و پاراستن و گەشەکردنیان، بناغەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لاواز دەکات، بەڵام بێبەشکردنی پێکهاتە نافارسەکان لە مافە نەتەوەیی و زمانییەکانیان و سەپاندنی شوناس و زمانێکی دیاریکراو بەسەریاندا، دابینبونی ئاسایشی لێدەکەوێتەوە؟

### ٢.٣ ڕوانین لە ناسنامەی ئەتنیکی و زمان وەک دەسکەلای دەستتێوەردانی دەرەکی

جوگرافیای ژیانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران لەلایەک و فۆبیای دەستتێوەردانی دەرەکی بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژاوایی دو لە هۆیەکانی هەستیاربونی توێژەران لەئاست ناسنامەپارێزی و پرسی زمانی لەنێو ئەو نەتەوانەدایە. سەرزەوی و نیشتمانی پێکهاتە

نافارسەکانی ئێران بە تایبەتی کورد، تورک، بەلوچ، تورکمان و عەرەب، ئەو پارێزگایانەی وڵات پێکدێنن کە لەسەر سنور و لەنزیک سنورەکانی ئێران هەڵکەوتون. لەو دیوی ئەو سنورانەش بەشێکی تر لەو نەتەوانە و پارچەیەکی تر لە سەرزەوی و نیشتمانی ئەوان هەڵکەوتون.

توێژەر حەسەنپور ئەم هەڵکەوتە جۆگرافییە بە زیانی ئاسایشی نەتەوەیی و بە هەڕەشەخوڵقێن دەبینێت: "ئەم تایبەتمەندییانە پلەی خەسارهەڵگری و هەڕەشەخوڵقێنی گۆڕاوی قەومییەتیان لە ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا بەرەوژور بردووە"(حەسەنپور،٢٠٠٣: ٩٣). توێژینەوەی هاوبەشی "قادرزادە و شەفیعی‌نیا"ش دراوسێیەتیی جۆگرافیای پێکهاتە نافارسەکان وەک هۆکاری بەهێزبونی ویستە قەومییەکان و دەرفەت بۆ دەستتێوەردانی هێزە بیانییەکان دەبینێت: "هەڵکەوتی جوگرافی یەکێک لە گۆڕاوە شوێندانەرەکانی پێگەیشتن و بەهێزبونی ناسیۆنالیزمی قەومییە. دراوسێیەتیی جۆگرافیایی لەگەڵ ئەو ناوچانە کە هەمان قەومییەتیان تێدا دەژین و دوربون لە ناوەندی وڵات، دەبنە هۆی بەهێزبونی ماتەوزەی ویستە قەومییەکان.

لە ڕوانگەی گوور و سکاریت، دراوسێیەتیی جوگرافیایی کوردەکان، ماتەوزەی سەرهەڵدانی کێشە قەومییەکانی زیاتر کردووە. ئەم دۆخە دەرفەتی زیاتر بۆ بە نێودەوڵەتیبونی کێشەکە و دەستتێوەردانی هێزە بیانییەکان لەژێر ناوی پشتیوانی لە کەمایەتیی هەڕەشەلەسەر، دەخوڵقێنێت" (قادرزادە و شەفیعی نیا٢٠١٦:٣٥). هۆکارێکی گرنگ کە نیگەرانیی هەڵگرانی ڕوانگەی ئەمنی لە دراوسێیەتیی پێکهاتە نافارسەکانی ئێران لەگەڵ هاوزمانانیان لەو دیوی سنور زیاتر کردووە، ئەم ڕاستیەیە کە هێندێک لەو خەڵکانەی لە ئێران وەک نەتەوە سەیریان ناکرێت و زمانەکەشیان بەڕەسمی ناناسرێت، لەو دیوی سنور دان بە نەتەوەبونیاندانراوە و زمانەکەیان بەڕەسمی ناسراوە و چارەنوسی خۆشیان بە شێوەیەک لە شێوەکان لەدەست خۆیاندایە. نمونەکەی ئازەرییەکانی ئەودیو سنور، کە وڵاتی سەربەخۆ و کۆماری ئازەربایجانیان هەیە، یان کوردەکان لە عێراق، کە لە دەستوری وڵاتدا دان بە مافەکانیاندانراوە و جگە لەوەی حکومەت و پارلمانی خۆیان هەیە، لە دەسەڵاتی عێراقیشدا هاوبەشن.

دژکردەوەی توێژەرانی ئێرانی بەرامبەر بەڕێوەچونی گشتپرسی لەهەرێمی کوردستان(٢٠١٧) و دەنگدانی زۆرینەی دانیشتوانی ئەو هەرێمە بۆ سەربەخۆیی، دەرفەتی بۆ ئەوان ڕەخساند تا وێڕای دژایەتی لەگەڵ بڕیار و خۆنواندنی ئیرادەی خەڵکێک لە دەرەوەی سنورەکانی ئێران، نیگەرانیی خۆیان لە کاریگەریی سیاسیی ئەم ڕوداوە لەسەر کورد لەنێوخۆی ئێران دەربڕن. بەیات و هاوکارانی لەو توێژەرانەن کە نیگەرانی لە لێکەوتەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانیان کردووە بە هەوێنی توێژینەوە. ئەو کۆمەڵە توێژەرە وێڕای قەبڵاندنی ڕێژەی کورد لە ئێران بە ١١%، دەنوسن[٥] :"ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی ئێران، کوردن. سەربەخۆیی کوردستانی عێراق بێگومان لەسەر ئەم بەشە لە دانیشتوانی ئێران کاریگەری دادەنێت و ئەگەری سەرهەڵدانی بزوتنەوەگەلی دورکەوتنەوە لەناوەند زیاتر دەکات. بە تایبەتی کە ئێران جگە لە کوردەکان، خاوەن چەند قەومییەتێکی‌ترە، کە بەجۆرێک داوای سەربەخۆییان هەیە(بەیات و هاوکاران،٢٠١٨:١٣١). توێژەرانی ئاماژەپێکراو سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بە خراپترین و پڕمەترسیترین سیناریۆ بۆ ئێران دەزانن: "بەڕێوەچونی ڕیفراندۆمی ئەم دواییانە و ئاکامەکانی، دەریانخست کە سیناریۆی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق وەک سیناریۆیەکی دورمەودا، دەتوانێت ببێتە خراپترین و پڕمەترسیترین سیناریۆیەک کە ئێران لەگەڵی ڕوبەڕو دەبێت (هەمان سەرچاوە: ١٣٢). "ئاسایشێکی نەتەوەیی" کە بە دابینبونی مافی چارەنوس بۆ نەتەوەیەک لە دەرەوەی سنورەکان دەکەوێتە مەترسی و توێژەرانی ئێرانیی سەربە ئایدۆلۆژیای یەک نەتەوە- یەک زمان بەرگریی لێدەکەن، بناغەیەکی لەرزۆک و خەسارهەڵگری هەیە. لەرزۆکبونی ئەم ئاسایشە نەتەوەییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مانەوەی خۆی بە سەپاندنی شوناسێکی ساختە و سیاسەتی تاکزمانی گرێداوەتەوە. بۆیە هەرچەشنە هەوڵدانێک لەدژی شوناس و زمانی داسەپاو لەنێوخۆی وڵات، وەک مەترسییەک کە دوژمنانی دەرەکی دەتوانن دەستی تێوەردەن، دەبینێت. ئەم جۆرە بۆچونە ڕێک قسەکەی موسا عەنتەر دەسەلمێنێت؛ کە ڕو لە داگیرکەرانی تورک دەڵێ: "ئەگەر زمانی ڕەسەنی من، دەوڵەتی تۆ دەهەژێنێت، مانای وایە تۆ دەوڵەتەکەت لەسەر خاکی من دروستکردووە"(بەرزنجی، ٢٠٢٢).

توێژەر قەمەری، ئەندامی دەستەی زانستیی زانکۆی زانستە ئینتیزامییەکان، تەنیا یەکێک لە زمانەکانی ئێران بە تەواوکەری ئاسایشی نەتەوەیی دادەنێت و زمانەکانی‌تر وەک کێشە و گرفتی سەرڕێی ئەو ئاسایشە سەیر دەکات: "زمان بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی کە ڕۆڵێکی دولایەنەی هەیە؛ ئەو کاتەی وەک هۆکارێکی ناسنامەچێکەر لە پێکهاتنی یەکگرتویی نەتەوەییدا دەور دەبینێت، ڕۆڵی ئەرێنیی زمان دەردەکەوێت، کاتێکیش دەبێتە هۆکاری پێکهێنانی قەیران لەنێو قەومییەتەکاندا و دەبێتە دەسکەلای دەوڵەتە مەزنیخوازە ڕۆژاواییەکان، دەبێتە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی (قەمەری.٢٠٠٦:٩٤). ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە کە زمان و شوناسی پێکهاتە نافارسەکان، زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی وڵاتی ئێران پێکدێنن، بە هۆی ئایدۆلۆژیای تاکزمانی و شوناسێکی داسەپاو کە ناوی شوناسی نەتەوەیی لەسەر دانراوە، لەگەڵ هەڕەشەی سڕینەوە و لەنێوچون بەرەوڕون. ئەمەش نارەزایەتی و بەرهەڵستبونەوەی ئەوان بەرامبەر ئەو ئایدۆلۆژیایە و ئەو سیستەمە سیاسییە کە بەرگریی لێدەکات، لێکەوتووەتەوە. ئەگەر ئاسایشی نەتەوەیی لەم بارەیەوە هەست بە هەڕەشە دەکا، خودی ئەو ئایدۆلۆژیا و سیستەمە سیاسییە، سەرچاوە و هۆکاری قەیرانخوڵقێنی و هەڕەشەکانن.

### ٣.٣ جێگۆڕینی هۆکار و ئەنجام، زۆردار و زۆرلێکراو، حەقدار و ناحەق

ڕوانین لە دەلاقەی ئاسایشییەوە بۆ فرەنەتەوەیی و فرەزمانی و خەباتی شوناسخوازانەی نەتەوە بندەستەکان، وای کردووە بواری توێژینەوەی زانستییش ببێتە مەیدانێک بۆ ڕەواییدان بە ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست و مەحکومکردنی ناسیۆنالیزمی نەتەوە بندەست و بێدەوڵەتەکان. بەڕەسمینەناسین، بەسوکچاولێکردن و بێبەشکردنی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp311-321

زمانە نافارسییەکان لەو مافانەی پەیماننامە جیهانییەکان بۆ ئەوانی بە ڕەسمیی ناسیوە، بە ئاسایی دادەنرێت، بەڵام داواکردنی مافەزمانییەکان لەلایەن پێکهاتە نافارسەکان بە شەڕ دژی زمانی فارسی ناودەبرێت و ناسیۆنالیزمی نەتەوە بندەستەکان وەک مەترسییەک پێناسە دەکرێن، چونکە بە تێگەیشتنی توێژەرە ئەمنییەکان دەبنە"ڕێخۆشکەری دەستتێوەردانی وڵاتانی بیانی"، بەڵام داگیرکرانی سەرزەوی و نیشتمانی هێندێک نەتەوەی ناوچە و دابەشکرانی دانیشتوانیان بەسەرچەند وڵاتدا، هەروەها بێبەش هێشتنەوەیان لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەیی و زمانییەکان، کە هۆکاری سەرەکیین بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی لەنێویاندا، و دەوڵەت -نەتەوەی نەتەوە سەردەستەکان لێیان بەرپرسیارن، وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی مەترسییەکە نابینرێت. "موحیببی"، پانئێرانیستێکی دانیشتوی دەرەوەی وڵاتە و لەباری بیروباوەڕ و بەستراوەیی سیاسی، سەربە ئایدۆلۆژیای ڕێژیمی ڕوخاوی پاشایەتییە، داوای بەڕەسمی ناسرانی زمانەکانیتری ئێران، بە شەڕ لەگەڵ زمانی فارسی و بە هەوڵدان بۆ پارچەپارچەکردنی خاکی وڵات لێکدەداتەوە، کە نابێت بە هیچ جۆر داوای لەم چەشنە قبوڵ بکرێت: "شەڕ لەگەڵ زمانی فارسی پڕمەترسیترە لە شەڕ لەگەڵ یەکپارچەیی سەرزەویی ئێران.

پاراستنی زمانی فارسی لە پاراستنی یەکپارچەیی سەرزەویی ئێران گرنگترە، ... تاقەڕێگە بۆ دابەشکردنی خەڵکی ئێران و پارچەپارچەکردنی وڵاتی ئێران، جیاکردنەوەی خەڵک لە یەکتر بەهۆی زمانەوە و لاوازکردنی زمانی فارسی لە ناوچەکانی ئێرانە. هەربۆیە لەبارەی ڕەسمییەتی زمانی فارسی وەک زمانی نەتەوەیی و زمانی پەروەردە و فێرکردنی زانست، هەروەها وەک زمانی سیاسەت و ماف لەسەرانسەری ئێران، نابێت بەڕادەی تاڵە مویەک پاشەکشە بکرێت (موحیببی،٢٠٢١). بۆچونی ئەم پانئێرانیستە دەیسەلمێنێت کە سیستەمەکانی دەسەڵاتدارەتی لە ئێران، ئەگەر لەڕوی فۆڕم و ناویشەوە جیاوازییان هەبێت، تەنانەت ئەگەر ئایدۆلۆژیاکانیشیان ناوی جیاوازی وەک "ایران باستانی" و "ایران اسلامی"ی لەسەر بێت، لە ناوەرۆکدا یەک شتن، چونکە هەموانیان ئێران بە موڵکی یەک نەتەوە و یەک زمان دەزانن و هەر پێکهاتەیەکی ئێرانی بە هەر ناسنامە و زمانێکەوە، ملکەچی ئەم جۆرە ڕوانینەیان نەبێت، بەدژی ئاسایشی نەتەوەیی و بە دوژمنی ئێرانی دەزانن.

لەنێو ئەو هەموە توێژینەوانەدا کە لەجیاتی ناساندنی ستەم و سەرکوتی نەتەوەیی و زمانی وەک سەرچاوەی قەیرانەکان، پێکهاتە نافارسەکان بە دژایەتیی یەکپارچەیی وڵات و بەستراوەیی بە وڵاتانی بیانی تاوانبار دەکەن، توێژینەوەی ئەوتۆش دەبینین کە خوێندنەوەیەکی لۆژیکیتریان بۆ ڕەهەندی ئاسایشیی پرسی ئەتنیکی هەیە. توێژینەوەی عیززەتی و هاوکاران، لەو توێژینەوانەن کە هاوفەرهەنگکردنی زۆرەملی و یەکسانسازیی قەومی لەلایەن دەوڵەتی هەڵقوڵاو لە قەومی سەردەست وەک سەرچاوە و هۆکاری کێشە و قەیران و بەرهەڵستبونەوە و بزوتنەوەکان دەناسێنن: "ڕاستییەکەی ئەوەیە بە بونی پرۆسەی نوێی زاڵبونی گوتاری ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆییخوازیی هەمو قەومەکان لەجیاتی سەردەستی و دەسەڵاتخوازیی قەومێک، پرسی قەومی بە کردەوە ڕەهەندێکی ئاسایشیی وەرگرتووە و زۆر لە نمونەکانیش، هەرەشە لە یەکپارچەیی یەکە سیاسییە جۆراوجۆرەکان دەکەن. بە هەر هۆیەک و بارودۆخێک، ئێرانیش لە قەومگەلی جیاواز پێکهاتووە کە بە هۆکاری جۆراوجۆر لەنێوان ئەوان و دەوڵەتی ناوەندیدا، پێوەندی یا لێکدابڕان هەیە. هەستی قەومی لەنێو بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی وڵات، حاشاهەڵنەگرە" (عیززەتی و ئەحمەدیی سیلوە،١٥:٢٠١٢).

لەڕوی زمانییەوە، ئێران زیاتر لەهەمو وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکوری ئەفریقا، جیاوازی و جۆراوجۆریی تێدایە و نزیک بە نیوەی دانیشتوانی ئێران، فارس نین. بە گوتەی عیززەتی و ئەحمەدیی سیلوە، فارسیزمانان بەزۆری لە شارە گەورەکان و بیابانەکانی ناوەندی ئێران نیشتەجێن. بەرزترین کاربەدەستانی ئایینی لەوانن، خاوەنی بەرزترین کاربەدەستانی دەوڵەتین و کۆنترۆڵی بەشی هەرە گەورەی سامانی وڵاتیان لە دەستدایە، بەڵام کەمایەتییە زمانییەکان کە بریتین لە: تورکزمانانی ئازەری کە لە باکوری ڕۆژاوان، تورکمانەکان کە لە باکوری ڕۆژهەڵاتن، عەرەبەکان کە لە خوزستان لە باشوری ڕۆژاوا و لە درێژایی لێوارەکانی کەنداوی فارسن، کوردەکان کە لە ڕۆژاوا و باکوری ڕۆژاوا و بەلوچەکانیش لە باشوری ڕۆژهەڵاتن. ئەمانە لە هەردو دیوی سنورەکان هەن" (هەمان سەرچاوە:١٦).

توێژینەوەی ئاماژەپێکراو بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی یەکسانسازیی دەوڵەتان و یەک لەوان دەوڵەتی ئێران، کە "هەوڵیانداوە جیاوازییە قەومییەکان داپۆشن، حاشا لە جۆراوجۆریی قەومی بکەن، سیستەمی سیاسی لە بەرژەوەندیی قەومی فەرمانڕەوا بنیات بنێن... لە ڕێگەی زاڵکردنی قەومییەت، کەلتور و زمانی یەک قەوم، بەپێی پێویستییە سیاسی، ئیداری و ئاسایشییەکانی خۆیان، یەکسانسازی بکەن"، دەگاتە ئەو ئەنجامە، کە ئەم جۆرە دەوڵەتانە "بۆخۆیان هۆکاری سەرهەڵدانی بزوتنەوە قەومییەکانن. مەیل و ویستی سەربەخۆییخوازانەی قەومی-زمانی لەنێو قەومەکانی ئێران وەک شوێنەکانی تری جیهان، دژکردەوەیە بەرامبەر بە پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی (دەوڵەتی یەک نەتەوە) لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا" (لاپەڕەی٢١). بونی توێژینەوەی ڕەخنەگرانەی لەم چەشنە، ئەگەرچی شیاوی بایەخپێدانە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم جۆرە ڕوانینانە، زۆر کەمن و ئەو ڕوانگە و دەنگانەی قسەی یەکەم دەکەن و بەتەواوی هەست بە زاڵبوونیان دەکرێت، ئەوانەن کە لەجیاتی سیاسەتی تاکزمانی و ستەمی نەتەوەیی و هەڵاواردنی زمانی، دژایەتیی ناڕازیانی ئەو جۆرە ستەم و هەڵاواردنانە دەکەن .

## ئەنجام:

توێژینەوە زمانییەکانی نێوخۆی ئێران لەم چوار دەیەی دواییدا، هەم بە ژمارە زۆرن، هەم زۆر پرسی جۆراوجۆری پێوەندیدار بە زمانیان گرتووەتەخۆ. باسکردن لە سەرجەم توێژینەوە زمانییەکان لەهەمو بوارەکاندا، دەکرێت ئامانج و ئەرکی چەندین نامەی ماستەر و دوکتۆرا بێت. بەم هۆیەوە بۆ ئەم باسە، تەنیا ئاوڕ لەو توێژینەوانە درایەوە کە پێوەندییان بە سیاسەت و پلاندانانی زمانی و فرەزمانی لە ئێران و جێگە و پێگەی ئەو زمانانە لە ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامەی ئێرانیدا هەیە. لەم ئاوڕدانەوە

ڕەخنەگرانەیەدا بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتین کە بریتین لە:

١-ئایدۆلۆژیا و گوتاری زاڵ بەسەر زۆربەی توێژینەوە زمانییەکانی نێوخۆی ئێراندا، ئایدۆلۆژیا و گوتاری "یەک نەتەوە- یەک زمان"ە. بەپێی ئەم ئایدۆلۆژیایە، وڵاتی ئێران لە یەک نەتەوە پێکهاتووە کە ناوی "نەتەوەی ئێران"ە و، زمانی ئەم نەتەوەیەش، فارسییە؛ زمانی فارسی کۆڵەکەی هەرە گرنگی "شوناسی نەتەوەیی" واتە ئێرانیبونە. ڕوانگەی دەوڵەت- نەتەوەی ئێران، بەتایبەتی لەبواری سیاسەت و پلاندانانی زمانی، هەر لەکۆتایی تەمەنی ڕێژیمی قاجارەکانەوە هەتا ئێستا، ئەگەر بە گوێرەی سەردەمەکان لە هێندێک بارەوە گۆڕان و جیاوازییشی بەخۆوە دیتبێت بەڵام لە هەموانیاندا، زمانی فارسی وەک هۆکاری بنەڕەتیی شوناسی نەتەوەیی و ئێرانیبون و وەک هۆکاری یەکگرتوویی دانیشتوانی وڵات، سەیرکراوە.

٢ - بەدوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئەم شوناسە، جگە لە "ئێرانی" و "ئێرانیبون"، توخمێکی‌تریشی پێوە زیاد بووە کە ئیسلامیبونە. لە ڕێژیمی پەهلەویدا لایەنی کۆنینە و لەمێژینەبونی شوناسی ئێران بەرجەستە دەکرایەوە، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا، ئەم شوناسە لەگەڵ ئیسلامیبون موتوربە کراوە. توێژینەوەکانی نزیک لە ڕوانگەی دەوڵەت -نەتەوەی ئێران، زمانی فارسی وەک دووەم زمان بۆ خزمەتی ئایینی ئیسلام ( دوای زمانی عەرەبی)، زمانی هاوبەشی ئێرانی ئیسلامی و زمانی پێوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی جێگیر لە قەڵەمڕەوی مێژوویی ئێران، دەناسێنن.

٣-لەگەڵ ئەوەی لە دەستوری ئێراندا، زمانە نافارسییەکانی وڵات وەک زمانی خۆجێیی و قەومی ناویان هاتووە و گوتراوە خوێندنی ئەدەبیاتیان لە قوتابخانە و بەکارهێنانیان لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا ئازادە، بەڵام هەتا ئێستاش، پەروەردە بەو زمانانە، ڕێگەی پێنەدراوە. ئەو توێژینەوانەی، توێژەران و دەزگاکانی سەربە حکومەت و ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی لە پشتیانن، بەتوندی داکۆکی لە پەروەردەی یەکزمانی دەکەن و بەڕەسمیناسین و ڕێگەپێدانی پەروەردە بە زمانەکانی‌تر، بە مەترسی دەزانن. لەم جۆرە توێژینەوانەدا، ئەگەر باس لە پێویستیی پاراستنی زمانە نافارسییەکانی ئێرانیش دەکرێت، بەو دیدەوە باسی دەکرێت کە ئەم زمانانە سەرچاوەی دەوڵەمەندیی زمان و ئەدەبیاتی فارسین و دەبێت بۆ خزمەتکردنی زمانی فارسی، بپارێزرێن.

٤-ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی و سیاسەتی زمانی لە ئێران، بەم هۆیەوە کە لەگەڵ واقیعی فرەنەتەوە و فرەزمانبونی ئەو وڵاتە ناتەبان، لەگەڵ بەرهەڵستبونەوەی پێکهاتە نافارسەکانی ئێران ڕووبەڕون. خودی ئەم ئایدۆلۆژیا و سیاسەتە، خوڵقێنەر و ڕێخۆشکەرن بۆ ئەوەی باس لە فرەیی نەتەوەیی و زمانی لە ئێران و داکۆکی لە بەڕەسمیناسینیان، بچێتە چوارچێوەی سیاسی و ڕاستەوخۆ بە ئاسایشی نەتەوەیی، گرێ بدرێتەوە. وەستانەوە بەرامبەر گوتاری یەک نەتەوە-یەک زمان و بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتی لە بەرامبەر مۆنۆپۆلکرانی پەروەردە بەهۆی زمانی فارسی، لەلایەن دەزگا و ناوەندە ڕەسمییەکان و ڕۆشنبیران و توێژەرانیان، بە دژایەتی لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ تێکدانی یەکێتیی نەتەوەیی و یەکپارچەیی وڵات لێکدەدرێتەوە.

٥-سەرەڕای ئەوەی فرەزمان و فرەنەتەوە بونی پێکهاتەی خەڵکی ئێران لە ڕوانگەیەکی ئەمنییەوە سەیری دەکرێت و ئەژمارێکی زۆر لە توێژینەوەکان ئەم ڕوانگەیە بەسەریاندا زاڵە، ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامی، تیشکخستنەسەر ڕەهەندە زیانبارەکانی زاڵبونی یەکزمانی لە پەروەردەی وڵاتدا، بەرگریکردن لە پلۆڕالیزمی زمانی و مافەزمانییەکان لەبواری جۆراوجۆردا، هەروەها دەستنیشانکردنی خەسارە سیاسییەکانی پشتگوێخستن و دژایەتیکردنی شوناسە ئەتنیکییەکان لە لایەن دامودەزگای دەوڵەتی، بون بە بابەتی سەرەکیی دەیان توێژینەوە. توێژەرانێک کە بە زۆری سەربە زمان و شوناسە نافارسییەکان و باوەڕ و ڕوانگەی مرۆڤدۆستانەن، توانیویانە پانتایی توێژینەوەی زمانی لە پاوانی ڕوانگەی دەوڵەتی دەربێنن. ئەمە گۆڕانێکی گرنگە و لەدرێژخایەندا، دەتوانێت ڕێخۆشکەر و یارمەتیدەری هاتنەکایەی سیاسەت و ڕوانینێکی نوێ بۆ پرسی زمان و شوناس لە ئێران بێت.

## سەرچاوەکان

بیات، اصغر ؛ اقارب پرست، محمدرضا و گلشنی، علیرضا. (٢٠١٨). تحولّات کردستان عراق و تاثیر آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران. فصلنامه تحقیقات سیاسی بین المللی دانشگاه آزاد واحد شهرضا، شماره سی و ششم، پاییز ١٣٩٧، صص١٣٦-١٠٧

بیدالله‌خانی، آرش. (٢٠٢٠). رویکرد امنیتی ساختاری به ارتباط مسئله زبان فارسی و امنیت ملی در جمهوری اسلامی ایران با تاکید بر ساختار و مؤلفه‌های امنیتی کردن زبان فارسی در دوره معاصر. نشریه علمی آفاق امنیت، سال سیزدهم، شماره چهل و ششم، بهار ١٣٩٩، صص١٨٢-١٥٧

تاج الدین، محمد باقر؛ رئوفی، میترا و مشهدی، میقانی ژیلا. (٢٠١٧). تحلیل جامعه‌شناختی گرایش به هویت ملی و هویت قومی با تاکید بر احساس محرومیت نسبی در بین جوانان شهر ایلام، مجله مطالعات اجتماعی ایران، یازدهم ، شماره٢، تابستان ١٣٩٦، صص ٢٤-٥

جنیدی، فریدون. (١٩٨١). نامه پهلوانی، انتشارات بلخ وابسته به بنیاد نیشابور، تهران، ١٣٦٠

حسن پور، محمد. (٢٠٠٣). ناهمگونی قومی و امنیت ملی، پژوهشنامه‌ی علوم انسانی و اجتماعی، سال سوم، شماره نهم و دهم، سال ١٣٨٢

خالق پناه، کمال؛ ثنایي،علی. (٢٠٢٠). سیاست های زبانی و زبان های اقلیت: واکاوی جایگاه زبان های اقلیت در نظم فرهنگی-زبانی ایران مدرن(از ١٢٨٥ ه.ش تا به امروز)، فصلنامه زبان شناسی اجتماعی، شماره ٤، پیاپی ١٢، پاییز ١٣٩٩(صفحات ٦٧-٧٧)

رسولی، حسین؛ دهقانی، رضا و کریمی، علیرضا. (٢٠١٦). سیاستهای زبانی پهلوی اول در کردستان و پیامدهای آن (با تأکید بر مدارس)، مطالعات تاریخ فرهنگی، پژوهش نامه‌ی انجمن ایرانی تاریخ، سال هشتم، شماره سی ام، زمستان ١٣٩٥، صص٧٧-٧٦

سادات حسینی، منیره. (٢٠١٦). امپریالیسم زبانی و زبان امپریالیسم، ضرورت مواجهه با هژمونی زبان انگلیسی در کشورهای اسلامی، فصلنامه علمی پژوهشی پژوهش های سیاسی جهان اسلام، سال ششم، شماره سوم، پاییز ١٣٩٥، صص ٧٥-٤٣

شریف، بابک. (٢٠١٥). پیشینه و کارنامه برنامه‌ریزی و سیاست گذاری زبان فارسی در ایران، مجموعه مقاله‌های دهمین همایش بین المللی ترویج زبان و ادب فارسی در ایران، دانشگاه محقق اردبیلی، ٤-٦شهریور ١٣٩٤، صص١١٥-١٣٢

عزتی عزت اله، احمدی سیلوه جمال. (٢٠١٠). تحلیل فضایی بحران قومیت ها در خاورمیانه(مطالعه موردی کردهای ایران)، فصلنامه علمی پژوهشی جغرافیای انسانی، سال دوم، شماره دوم، بهار ١٣٨٩، صص ٢٩-١٣

عەبدولڕەحمان، باخان سەرحەد و سەعید، محەمەد مەجید. (٢٠١٩). ژەهری زمانی و کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی(زمانی کوردی بە نموونە). گۆڤاری زانکۆی گەرمیان٦(٣) لاپەڕەکانی ١٢٩-١٠٩

فرجی، دکتر سید اسماعیل. (٢٠٢٠). آموزش زبان فارسی و تحکیم هویت ایرانی-اسلامی، چهارمین همایش ملی آموزش زبان فارسی، ١٣٩٩، صص ٣٣٢-٣٤٢

قادرزاده امید؛ شفیعی نیا عباس. (٢٠١٦). زمینەها و گونەهای ناسیونالیسم قومی در ایران: مطالعه موردی مناطق کوردنشین. فصلنامه علوم اجتماعی، سال ٢٦، شماره ٧٤، پاییز ١٣٩٥، صص٦٨-٣٥

قبادی، حسینعلی. (٢٠٠٩). ادبیات فارسی و هویت ایرانی: چالش ها و راهبردها، پژوهش نامه ٣٥، پژوهشکده تحقیقات استراتژیک، گروه پژوهش های فرهنگی و اجتماعی، صص ٣٩-٦٨

قریشی، فردین و همکاران. (٢٠١٩). برساخت گفتمانی سیاست زبان در روند نوسازی ایران، مورد مطالعه نشریه کاوه( ١٣٠١-١٢٩٤)، دوفصلنامه جامعەشناسی اقتصادی و توسعه، سال هفتم، شماره دوم، پاییز و زمستان ١٣٩٧، صص١٥٣-١٢٥

قمری، محمدرضا. (٢٠٠٦). نقش زبان در تامین امنیت ملی، فصلنامه دانش انتظامی، سال هشتم، شماره چهارم، ١٣٨٥، صص١٠٧-٩٦

متقی افشین؛ ربیعی حسین؛ کاویانی راد مراد و یعقوب نیا حسن. (٢٠٢٠). آسیب شناسی سیاستگذاری کلان ج.ا. ایران با قلمروسازی زبانی در کشورهای فارسی زبان منطقه، فصلنامه جامعەشناسی سیاسی ایران، سال دوم، شماره چهارم، (پیاپی ٨)، زمستان ١٣٩٨، صص٣٢٦-٣٠٣

محمدپور احمد و رضایی مهدی. (٢٠١٧). مطالعات کردشناسی در ایران: مروری بر موضوعات و رهیافت ها، ایران نامه، سال ١، شماره ٤، زمستان ١٣٩٥، صص ٢٠٨-١٧٢

مسکوب شاهرخ. (١٩٨٩). ملیت و زبان، چاپ دوم، مهر ماه ١٣٦٨، پاریس

میرزایی، مژگان و نوین، حسین. (٢٠١٦). هویت ملی ایرانی در گستره تاریخی زبان فارسی، مقالات یازدهمین گردهمایی بین المللی انجمن ترویج زبان و ادب پارسی، دانشگاه گیلان، شهریور ١٣٩٦، صص ١٢٦٥-١٢٩٠

ناصح، محمد مهدی. (٢٠٠٨). زبان فارسی به عنوان زبان معیار، ویژەنامه همایش: گردهمایی سراسری انجمن ترویج زبان و ادب فارسی، ١٣٨٧، صص ٣٤٩-٣٤٢

الەمرادی، شهین؛ سیف‌اللهی، سیف‌اله. (٢٠١٤). مطالعه و بررسی تاثیر آموزش به زبان مادری بر افزایش انگیز تحصیلی دانش آموزان( مطالعه موردی: دانش آموزان مقطع متوسطه ناحیه یک شهر سنندج ١٣٩١-٩٢)، مطالعات جامعەشناسی، سال چهارم، شماره شانزدهم، پائیز ١٣٩١، صص٨٣-٦٥

ئەنیستیتۆتی کورد لە فەرانسە، حەشیمەتی کوردەکان(بە زمانی ئینگلیزی)

The Kurdish population,Link:

https://www.institutkurde.org/en/info/the-kurdish-population-1232551004

اساسنامه فرهنگستان زبان و ادب فارسی - مصوب ٢٤/١١/١٣٦٨، لینک:

https://www.qavanin.ir/Law/PrintText/84066

اصولیان، فاضل. (٢٠١٨). آسیمیلاسیون کردها و نقش زبانشناسان ایرانی، سایت "آزادی بیان"، ١٦ آگوست، لینک:

https://www.azadi-b.com/book/asimilasyon__F__A.pdf

بەرزنجی، هەڵۆ. (٢٠٢٢)، ناساندنی کتێبی بیرەوەرییەکانی مووسا عەنتەر،وەرگێران لە تورکییەوە: محەمەد عیزەدین. چاپی یەکەم، دەزگای فام، ٢٠٢١. لینک:

https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=90945

محبی، محمد. (٢٠٢١). ایران ستیزی با اسلحه زبان، نامه پان ایرانیسم، شماره ٢١، دوشنبه ٢٩ دیماه ١٣٩٩، ١٨ژانویه٢٠٢١، لینک:

https://paniranism.info/9166.htm

هادی، اسماعیل. (٢٠٠٤). حاشیەای بر زبانشناسی، چاپ اول،١٣٨٣، نشر در اینترنت، pdf، لینک:

http://elchin.arzublog.com/post/74991

ALSHAHRANI, A., 2020. Linguistic imperialism and the English language: a review of literature. Ad Alta: Journal of Interdisciplinary Research, 10(1).

Skutnabb-Kangas, T. and Phillipson, R., 1996. Linguicide and linguicism. Kontaktlinguistik. Contact Linguistics. Linguistique de contact. Ein zeitgenössiger Internationales Handbuch

## پەراوێزەکان

[1] . توێژینەوەکانی:١-"زبان فارسی و کارکرد آن در امنیت ملی پایدار"، توێژەر: د. مەنووچێهر دانیش پەژووهان(٢٠١٨) ٢- "چالش های امروز زبان فارسی"، توێژەر: ڕەزا ئەمینی،(٢٠١٧)٣-"آسیب شناسی سیاستگذاری کلان ج.ا. ایران با قلمروسازی زبانی در کشورهای فارسی زبان منطقه"، توێژەر: موتەقی وهاوکارانی(٢٠٢٠)،٤-"نقش زبان فارسی در گسترش هویت ملی و فرهنگی ایران"(٢٠٠٨)توێژەر: مستەفا فەللاح؛ ٥- "نقش زبان در هویت ملی"(٢٠١١)، توێژەر: قەمەری و حەسەنزادە؛ ٦-زبان فارسی و هویت ملی(٢٠١٣) سەید حەسەن نەسر؛ ٧- زبان مادری و هویت ملی(٢٠١٨)، توێژەر: بەهرام ڕۆشن زەمیر؛ ٨-"جهانی شدن، زبان و ادبیات فارسی و هویت ملی"(٢٠٢٠)، توێژەر: یوسف محمد نژاد عالی زمینی؛ نموونەی ئەو توێژینەوانەن کە بەرگری لە سیاسەتی تاکزمانیی ئێستای ئێران دەکەن.

[2] . بڕوانە کتێبەکانی رضا ضیا ابراهیمی بە تایبەتی کتێبی "پیدایش ناسیونالیسم ایرانی، نژاد و سیاست بی جا سازی"، ترجمەی حسن افشار، انتشارات مرکز، ٢٠١٦

[3] . "ئیمپریالیزمی زمانەوانی ئەو تێڕوانینەیە کە لە ئاستی نێونەتەوەیدا زمانێک بەسەر زمانەکانی دیکەی جیهاندا زاڵدەبێت. شێوازێکە بۆ بەرەودان بە زمانی نەتەوەیەک و زاڵکردن و سەپاندنی بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا، زۆرجاریش بە شێوەیەکی چالاکانە هەوڵدەدرێت زمانەکانی دیکە بنبڕ

بکرێن و ئاخێوەرانیان  ناچاردەکرێن زمانی خۆیان بگۆڕن بۆ زمانی سەردەست" (ALSHAHRANI, 2020, 8).

[٤] . توێژینەوەکانی: ١-"رویکرد امنیتی ـ ساختاری به ارتباط مسئله زبان فارسی و امنیت ملی در جمهوری اسلامی ایران با تأکید بر ساختار و مؤلفه‌های امنیتی کردن زبان فارسی در دوره معاصر،(٢٠٢٠)، توێژەر: بیداللەخانی آرش؛ ٢- "قومیت و سازماندهی سیاسی فضا(مورد: غرب و شمال غرب ایران)"،(٢٠٠٥)، توێژەران بە هاوبەشی: حافظ نیا ، قصری ، احمدی و حسینی. دکتر حسین؛٣- "اولویتبندی مولفه‌های ژئوپلیتیک اقوام ایرانی موثر بر امنیت ملی در پرتو گفتمان جهانی شدن. مطالعه موردی: اقوام ترکمن استان گلستان"،(٢٠٢٠)، توێژەران بە هاوبەشی: مولاییفر؛ آب نیکی ؛ کشیشیان و مرتضوی؛ ٤- "شان قومیت و ناسیونالیسم قومی در مطالعات امنیت ملی"،(٢٠٠٣)، بنی هاشمی میرقاسم؛ ٥- "ناهمگونی قومی و امنیت ملی"،(٢٠٠٣)، حسن پور محمد؛ لەم دەستە توێژینەوانەن کە لە ڕوانگەی ئەمنیەوە دەڕواننە فرە نەتەوەیی و فرەزمانی لە ئێران.

[٥] . دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (چوار پارێزگەی ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام)١٠-١٢ ملیۆن کەس لە حەشیمەتی ٨٠ ملیۆنیی ئێران(لە سەتا ١٢.٥ی دانیشتوانی وڵات) پێکدێنن. جگە لەمە لە خۆراسان١.٥ملیۆن و لە تاران نیو ملیۆن کورد دەژین. لەسەریەک ١٢ملیۆن کورد لە ئێران دەژین کە دەکاتە لە سەتا ١٥ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە. (سەرچاوە: ئەنیستیتۆتی کورد لە پاریس).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp311-321